www.kurdistannet.org

2-7-2006 0:31 **یەکاتی ناوەندی ئەورووپا**

## ڕۆحیانەتی زەرقاوی هەر وا دەژێت ... و. لە ئەڵمانییەوە: هیوا ناسیح

hiwanaseh@hotmail. com

ڕۆژی ٩ی ئەم مانگە، کە هەواڵی کوژرانی زەرقاوی گەورەتیرۆریست بڵاو کرایەوە، ماسیمیدیای جیهانی بایەخێکی یەکجار گرنگیان بەم هەواڵە و بابەتی تیرۆر لە عیراقدا دا یەک لەو ڕۆژنامانە (Tages Anzeiger) ی ئەڵمانیزمانی سویسری هەمان ڕۆژ بوو، کە سەروتارەکەی بۆ ئەم بابەتە تەرخان کردبوو وە لە لایەن ڕۆژنامەنوسێکی سویسری بەناوی (ئاسترید فریڤیل) نووسرا بوو. بۆ زانیاری زیاتر ئەم ڕۆژنامەیە یەکێک لە بەربڵاوترین و پڕ فرۆشترین ڕۆژنامەکانی سویسرایە بە ئەڵمانی. منیش بۆ بە ئاگا بوونی خوێنەرانی کوردزمان لە دید و بۆچونی کەسێکی ئەوروپی و ڕۆژئاوایی لە سەر مەسەلەی تیرۆر بەگشتی و کوژرانی زەرقاوی و دەرئەنجامەکانی بە تایبەتی، بڕیارم دا ئەم سەروتارەی ڕۆژنامەی ناوبراو وەرگێڕمە سەر زمانی کوردی. حەز دەکەم کە ئەوەش بڵێم، من لە سەر ئەو بابەتانە لەگەڵ نووسەر دا هاوڕا نیم.



بە ڕێکەوت بێت یان کارسازیی، سەرۆک وەزیرانی عێراق توانی ڕۆژی پێنجشەممە دوو سەرکەوتن ڕابگەیەنێت. کوژرانی ئەبو موسعەبی زەرقاوی و پڕکردنەوەی دوا کەلێنەکانی ناو حکومەتە تازەکەشی: وەزیری ناوخۆ و وەزیری بەرگری و وەزیرێکیش بۆ ئاسایشی نیشتمانیی دەستنیشانکران. ڕێژنەی چەپڵەکان لە ناوچەی سەوزی بەغدا، دیمەنەکانی هاوشێوەیمان لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٣ دا بیردێنێتەوە، کاتێک کە سەددام حوسێنی دیکتاتۆری ڕوخاو دەستبەسەر کرا. وێنەی تەرمەکەی زەرقاوییش، دیمەنی تەرمەکانی کوڕە کوژراوەکانی سەددامان بیر دێنێتەوە. ئەو کات هیوای ئەوە هەبوو، کە کۆتایی سەددام حوسێن گورزێکی کەمەرشکێنە بۆ بەرەنگاریی (مقاومە) لەو وڵاتەدا. بەڵام دەرچوو کە کاتێکی زۆر بوو، سەددام وەک هێزی بزوێنەر و جۆشدەری هەڵگەڕاوەکان نەمابوو. ئەم جارەشیان موبالەغە و (قەرسیل هێنانە چۆک) ی نوری ئەلمالیکی سەرۆک وەزیران هەمان خۆشباوەڕیی دەگەیاند. ئاخر لە سەرێکەوە قاعیدە تەنها بەشێکی بەرەنگاریی (مقاومە) لە عێراق دا پێک دەهێنێت و لە سەرێکی تریشەوە ڕۆحیانەتی قێزەون و نەگریسی سەرکردەکەشیان هەر وا بەردەوام دەژێت.

زەرقاویی ماوەیەکی زۆرە، کە بانگەوازی بۆ جەنگی پیرۆز دژ بە (شیعە بێ باوەڕەکان) دەکرد، توندڕەویی ئاینی کارێکی کرد، وا بۆ ماوەی چەند مانگێکە لە عێراقدا هەمیشە قوربانیەکانی زۆرتر دەبێت. گیانی شەڕی ناوخۆی ئیسلامەکان دروێنەدەکات و ئەتمۆسفێرەکە ژەهراوی بووە. ڕەوڕەوەی توندوتیژی ئاینیی بە بێ قاعیدەش بەردەوام هەر دەگەڕێت.

لە دوێنێوە کابینەی وەزیران بە تەواوی پڕ بۆتەوە، سەرۆک وەزیرانی عێراق هەوڵی داوە، کە حکومەتێکی کارا لە نوێنەری سەرجەم گروپەکانی دانیشتوانی عێراق پێک بهێنێت، بۆ ئەوەی ڕوو بە ڕووی کێشەکان بێتەوە. بۆ یەکەم جارە عێراق حکومەتێکی هەڵبژێردراوی هەیە. توند و تیژیی تەنها ناو بە ناو کاتێک ڕووی لە کەمی کردووە، کە پرۆسە سیاسیەکە بەرەو پێش چوو بێت.

ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانیش تەنها کەمێک کاریگەری لە سەر بەرەنگاریی هەبووە. ئەگەر سەرکەوتنی مەعنەوی ئەم گورزەی دژ بە قاعیدە دەرهاویشتە و بەرئەنجامی پێشکەوتنی سیاسی بەدوای خۆیدا بهێنێت، ئەوا مالیکی چانسێکی باشی دەبێت. لەوەی کە ڕۆژی کوشتنی زەرقاویی ببێتە خاڵێکی وەرچەرخان.

**تێبینی: ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی هاوڵاتی ژ (٢٨٠) ی ٢٠٠٦/٦/٢٨ بڵاوکراوەتەوە.**